# قوتابیان سەری ڕمن. . !

**نورەدین سەعید وەیسی**

دەسەلأتدارانی کوردستان دەلێی سوێندو تەلاقیان خواردووە کە نابیٚ‌لەکوردستاندا هیچ ڕۆژێك بەبیٚ سەرکوتکاری و پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ تێپەڕێت، هەر بۆیەش دەسەلأتدارانی هەولێر دوا ڕۆژی سالٚی ٢٠٠٢ یشیان بە فیرٶ نەدا و نەیانهێشت ئەم سەری سالەش بیٚ ئاژاوەو کێشە بێت.
ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٣١ لە کاتێکدا قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین خەریکی ڕێکخستن وئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی هێمنانە بوون بۆ ناچارکردنی سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ ملدان بۆ داخوازییە ڕەواکانیان کە بریتین لە:

- خەرجکردنی دەرمالەی قوتابیان کە چەند مانگێکە نەدراوە
- دابینکردنی نەوت و سۆپا بۆ بەشە نێوخۆییەکان
- گۆڕین ودستکاری کردنی سیستەمی خوێندن، تا لەگەلٚ گۆڕانکارییەکانی دنیادا بگونجێت
- دەرکردنی مامۆستا بەعسییەکان، کە بەئاشکرا سوکایەتی بە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد دەکەن.

کەچی دەسگای ئاسایشی سەر بەدەسەلأتدارێتی هەولێر ئەو حەرەمە زانکۆییەیان شکاند کە بەرپرسە بالأکانی کوردستان لە وتارەکانیاندا بە موقەدەس و پیرۆز ناوی دەبەن و، ڕەوشی کتوپڕوئاوارتەیان ڕاگەیاند و دەرگای هەموو کۆلیژەکانیان داخست و نەیانهێشت ئەو ڕۆژە هیچ خوێندکارێك بێتە دەرەوەو هیچ کەسێکیش بچێتە نێو کۆلیژەکانەوە، تەنانەت زەبروزەنگی ئاسایش گەیشتە ئەو ئاستەی کە ژمارەیەکیش لە قوتابیان قۆلبەست و ڕا پێچی زیندان بکەن، کە تا درەنگە شەوی ١٢/٣١ئازاد نەکران.

بەلای منەوە ئەم ڕەوتارەی ئاسایش کە بەشێکی زۆری کارمەندەکانی کاتی خۆشی لە دەسگا دا پلۆسێنەرەکانی بەعس بوون و لە خوێندنیشدا فاشیل و شکست خواردوو بوون، جێگەی گلەیی نییە، چونکە مەحالە لە دەسگایەکدا کە بەشێکی زۆری کارمەندەکانی گۆشکراوی هزری بەعسن، مافی مرۆڤ هێندەی بالی مێشێك ڕێزی لیٚ بگیرێت ولەدژی خواستە مەدەنی ونیشتمانییەکانی قوتابیان ڕانەوەستن و داکۆکی لە سەرۆکی زانکۆیەك نەکەن کە پێش ڕا پەڕین مودیرعامی حوکمی زاتییە کارتۆنییەکەی بەعس بوو، ئەمرۆش لەسایەی ئەودا زانکۆی سەلاحەدین بۆتە بنکەی بەعسیان کەبەناوی وانەوتنەوە لەزانکۆدا بەئاشکرا گالتە بەکوردایەتی ودژایەتی قوتابی ومامۆستایانی ڕابردوو پاك ودژە بەعسی دەکرێت. .
لیٚ ئەوەی مایەی پێکەنین و لەهەمانکاتدا گریانیشە بەشداربوونی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە لەم سەرکوتکارییەدا، کەبەداخەوە بوونە مەقاشی دەستی ئاسایش، بەمەش سەلماندییان کە سەری ڕمن*، بەلام بۆکوێرکردنی‌چاوی قوتابیان. . !

* (قوتابیان سەری ڕمن لەگشت شۆڕش وڕاپەڕینێکدا) ووتەیەکی بارزانی نەمرو دروشمێکی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیشە. .

nuradinwaisi@hotmail.com